# هۆکارەکانی زیادبوونی باوەڕ

[ kurdish – کوردی – كردي ]

## شێخ محمد بن صالح العثیمین

(ڕەحمەتی خوات لێ بێت)

**وەرگێڕانی:** دەستەی بەشی زمانی کوردی لە ماڵپەڕی ئیسلام هاوس

**پێداچونەوەی:** پشتیوان سابیر عەزیز

2012 - 1433

IslamHouse.com

# أسباب زيادة الإيمان

« باللغة الكردية »


الشيخ محمد بن صالح العثيمين

ترجمة: فريق قسم اللغة الكردية بموقع دار الإسلام

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز



2012 - 1433

IslamHouse.com

# هۆكارەكانی زیادبوونی باوەڕ

**پرسیار** :ئایا ئەو هۆكارانە چین كە دەبنە هۆی زیاد بوونی باوەڕ ؟

**وەڵام** : سوپاس بۆ خوای گەورە ومیهرەبان، وە درود و صەڵات وسەلام لەسەر محمد المصطفی وئال وبەیت ویار ویاوەرانی هەتا هەتایە .

چەند هۆكارێك هەن بۆ زیاد بوونی باوەڕ :

**هۆكاری یەكەم** : ناسینی خوای گەورە و شارەزا بوون بە ناو و صیفەتە جوانەكانی، مرۆڤ چەندێك شارەزا بێت بە ناو و صیفەتە جوانەكانی خوای گەورە، بێگومان هێندەش باوەڕی زیاد دەكات، بۆیە دەبینین ئەو زانایانەی كە شارەزان بەناو و صیفەتەكانی خوای گەورە زۆر زیاتر باوەڕ بتەو و دامەزراوترن لەو كەسانەی كە بەو شێوەیە خوای گەورە ناناسن .

**هۆكاری دووەم** : وورد بوونەوە لە بەڵگە و نیشانە و دەسەڵاتەكانی خوای گەورە لە گەردووندا، مرۆڤ چەندێك وورد بێتەوە لەو بەڵگە و نیشانانەی كە خوای گەورە دروستی كردوون لە

بونەوەردا، بەو ئەندازەیە و زیاتریش کاریگەری هەیە لە زیادبوونی باوەڕەکەی، وەك خوای گــــەورە فەرموویەتی : ﴿ وفي الأرض آيات للموقنين * وفي أنفسكم أفلا تبصرون ﴾ [ الذاريات : ٢٠ ] واتا : لەزەویدا کۆمەڵە بەڵگە و نیشانەیەك هەن لەسەر دەسەڵات و گەورەیی خودا بۆ کەسانێك کە دڵنیان لە بوونی پەروەردگاریان * هەروەها لە دەروونی خۆیشتاندا بەڵگە گەلێك هەن، دە ئیتر بۆ وورد نابنەوە و نابینن .

لەم بارەیەوە کۆمەڵە ئایەتێك هەن لە قورئانی پیرۆزدا کە بەڵگەن لەسەر ئەوەی مرۆڤەکان بەبیرکردنەوە و تێڕامان لە دروست کراوەکانی خوای گەورە لە گەردووندا باوەڕیان زیاد دەکات و دامەزراوتر دەبێت .

**هۆکاری سێهەم** : تاعەت و عیبادەت کردنی زۆر بۆ خوای گەورە، چونکە مرۆڤ چەندێك تاعەت و عیبادەتی زۆرتر بکات بۆ پەروەردگار بەو ئەندازەیە و زیاتریش باوەڕی زیاد دەکات، جا ئەو تاعەت وعیبادەتانە ذیکر و یادی خوابن یان نوێژ و حەج و زەکات دەرکردن بێت، ذیکر و یادی خوای گەورە بە چەندێتی و

بەچۆنیەتی باوەڕی پێ زیاد دەبێت، نوێژ و ڕۆژوو و حەجیش بە هەمان شێوە باوەڕی مرۆڤی پێ زیاد دەکات.

خوای گەورەش زاناترە .

سەرچاوە : مجموع فتاوى ورسائل فضيلة الشيخ محمد بن صالح العثيمين ج/١ ص ٤٩